# هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک یان برایەکی بکات لە پێناوی خودا، ئەوا یەکێک بانگ دەکات: ئاسوودە بیت، وهەنگاوەکانت پیرۆز بن، وشوێنی نیشتەجێبوونت لە خانوویەکی بەهەشتدا بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک یان برایەکی بکات لە پێناوی خودا، ئەوا یەکێک بانگ دەکات: ئاسوودە بیت، وهەنگاوەکانت پیرۆز بن، وشوێنی نیشتەجێبوونت لە خانوویەکی بەهەشتدا بێت (پاداشتت زۆر بێت)».
[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک بچێت بۆ لای نەخۆشێک یان بۆ لای برایەکی لە پێناو خوای گەورە ئەوا فریشتەیەک بانگی دەکات لە لایەن خوداوە بەوەی کە خودا لێت خۆشبووە وئاسوودە دەبیت بەو پاداشتەی پێت دەبەخشرێت، وخانوویەکت پێدەبەخشرێت لەناو بەهەشتدا کە تێیدا نیشتەجێ ببیت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3442